# دوای ولاوەنانی لیپرسراوەتی یاسایی (صدام) لە جینوسایدکردنی کورد چ بکرێت باشە ..؟

**جەوهەر نامق سالم**



رۆژی ( 2003/12/13 ) لە کۆنگرەیەکی رۆژنامەگەریدا لە بەغدا ( پۆل برێمەر) سەرۆکی ئیدارەی مەدەنی هێزی داگیرکەری ئەودەمی ئەمریکا لە عێراق ، دەستگیرکردنی دیکتاتۆری خوێنرێژ ، (صدام حسین ) ی ، لە لایەن هێزەسەربازیەکانی خۆیانەوە بە فەرمی راگەیاند .

لە رۆژی ( 2005/10/19 ) ( صدام حسین و تاقمەکەی ) لە سەر ، کێشەی شارۆچکەی ( الدجیل ) ، بە تاوانی کوشتنی ( 148 ) کەس لە ئەندام ولایەنگیران و کەس وکاری ئەو تاقمەی کە بە نەخشە وپلانی ( حیزبی دەعوەی ئیسلامی ) ساڵی 1982 هەوڵی تیرۆری سەدامیان دابوو ، دەست بە دادگایی کردنیان کرا لە لایەن ( دادگای تاوانکاری عێراقی بالاّ ) بە سەرۆکایەتی دادوەری کورد ( رزگار موحەمەد ئەمین ) و، پاش ئەوەی ( رزگار ) لە 6/1/ 2006 ناچارخۆی کێشایەوە لەو کێشەیە، دادوەری کورد ( رەئووف رەشید ) وەکو سەرۆکی ئەو دادگایە دەست بەکاربوو، پاش چەندین دانیشتن و، لە رروژی 5/ 11/ 2006 ،بە حوکمی لە سێدارە دانی ( صدام حسین ) و ( برزان ) ی برای سەدام و ( عواد البندر ) و بەند کردن وبەرەڵا کردنی چەند تاونبارێکی تر، کۆتای هێنرا بەو کێشەیە لەو دادگایە و، حوکمەکەکان ( تمییز ) کران .

لە رۆژی 2006/12/26 ، دادگای تێهەڵچوونەوە ( تمییز ) حوکمی لە سێدارەدانی ( صدام حسین ، و برزان ابراهیم وعواد البندر ) ی پەسند کرد ، و حوکمی ( تەها جەزراوی ) ی رەتکردەوە, و داوای کرد ئەو حوکمە توندتر بکرێت واتە ئەویش ( اعدام ) ــ و، دیارە دادگای ( تمییز ) حوکمەکانی تاوانبارانی تری پەسند کرد بوو.

لە رۆژی ( 2006/8/21 ) دادگایی کردنی ( صدام حسین ) و تاقمێکی تر لە دارو دەستەکەی ، بە تاوانی ( الأنفال ) لە لایەن هەمان دادگا ( دادگای تاوانکاری عێراقی بالاّ ) دەستی پیّ کرد و، تاکوو ئێستاش( 34 ) دانیشتنی کردووە وهێشتاش بەردەوامە ..

لە سەعات ( 6 ) ی بەر بەیانی رۆژی 30/ 2006/12 ، کە یەکەم رۆژی جەژنی قوربانی پیرۆز بوو ( صدام حسین ) لە سێدارە درا .

واتە دادگایی کردنی سەدام وتاقمەکەی ( 2005/10/19 ) تاکوو لە سێدارە دانی ( 30 /2006/12 ) نزیکەی( 14 ) مانگ و ( 11 ) رۆژ ی خایاند و . لە کۆی گشتی ئەو ماوەیە کە لە سنووری ( 436 ) رۆژ بوو ، تەنها لە سنووری ( 38 ) رۆژی دادگایی بووە ( دانیشتن ).

بەش بە حاڵی خۆم لەو باوەڕەدام هەموو کوردێکی نیشتمان پەروەرو وڵاتپارێز، لە ناوەو ولە دەروەی کوردستان دڵخۆشبوون ، بە دارمانی رژێمی سەدام وگرتنی ودادگاکردنی بە تاوانی ( قڕ کردنی بە کۆمەڵ ) و ( تاوانەکانی دژ بەمرۆڤایەتی ) و ( تاوانەکانی جەنگ ) و ( پێشێلکاری یاساکانی عێراقی ) ، هەروەکو لە یاسای دادگای تاونکاری عێراقی بالاّ ( بەشی دووم ــ لقی یەکەم تاکوو لقی چوارەم ــ دیاری کراوە و، بە ماددەکانی ( 11ــ 14 ) روونکراوەتەوە و، ئێمەی کوردستانی چاوەڕوانی ئەو رۆژە بوین ئەم دکتاتۆرە فرە درندە ، بدرێتە دادگا و دادگایی بکرێت لە سەرتاوانەکانی ئەنفالکردنی زیاتر لە ( 200 ) هەزار کوردی بیّ تاوان وگوللەباران ولە سێدارەدان وبیّ سەرو شوێنکردنی بە دەیا هەزاری تر وکیمیابارانی هەڵە بجەو وکاولکردنی زیاتر لە 4500 ئاوایی وشاروچکەی کوردستان وراگویزان وتەعریب وتەبعیس و تالاّنکردنی سەروەت وسامانی وڵاتەکەمان وگشت تاوانەکانی تری ، دەرهەق بە گەلانی عێراق بە کورد وعەربی شیعە وعەرەبی سوونە وتورکمان و کلدان و ئاشوور و سریانی و، بگرە هەتاکوو دژ بە سەرانی حیزبە فاشی رەفتارەکەی خۆیی و، خزم و ئەفرادی

**نزیکی خانەوادەکەی و، تاوەکو دەگاتە شەڕی دژ بە کۆماری ئیسلامی ئیران ( 1980 ) و داگیر کردنی دەوڵەتی کوێت ( 1990 ) وهەردوو شەڕە دۆڕاوەکەی دوا قۆناخی حوکمڕانی واتە : شەڕی ساڵی 1991 ( گەردەلولی بیابان ) و شەڕی ساڵی ( 2003 ) رزگاری العراق و پاشان داگیر کردنی لە لایەن هێزە سەربازیەکانی ئەمریکا وە .. هتد**

**بە ڵێ ،هیچ کوردێك یان مرۆڤێکی نیشتمانپەروەر و خاوەن ویژدان نییە کەچاوەڕوانی دادگایی وحوکمێك نەبوبێت کە ئەم تاونبارە وگشت دارو دەستەکەی بگەیەننە سزای دادوەریانەی خۆیان ....**

**بەڵام کەم کەس هەبوو مەزەندەی ئەوەی دەکرد کە سەدامی تاوانبار ، تەنها لە سەر ئەوەی کە ( 148 ) کەسی لە حیزبی ( الدعوه ) یان لایەنگرانی ئەوە حیزبە ، بە تاوانی هەوڵدانی ( تیرۆر کردنی ) ، لە ساڵی 1982 ، حوکمی لە سێدارە دانی لە سەر ئەو تاوانە ئەدرێت و، وا بە پەلە وبێ ئەوەی چاوەروان بکرێت هەتاکوو کۆتایی هێنانی دادگاکردنی لە سەر تاوانی ( الآنفال ) کە هەر و ەکوو لە سەرەوە ئاماژەمان بۆ کرد لە ( 2006/8/21 ) دەستی پێ کردبوو ، تاکوو رۆژی لە قەنارە دانی سەدام ( 33 ) دانیشتنی کردبوو، بەردەوامەو ( صدام ) تاوانباری ژمارە سەرەکی و خاوەن بڕیار وبەرپرسیاری یەکەم بوو لەوە و ،لە گشت تاونەکانی تریش...**

**هەر لە سەرەتای دادگایکردنی سەدام وسەرانی تاوانباری رژێمەکەی وەکوو دەرکەوت ، پەلە پەل و فەوزا وبێ سەرو بەری پێوە دیار بوو، چ لە رووی پێکهاتەو تەکنیکەوە و چ وەکوو مینبەرێك ، تاوانباران ئیستغلالی ئەو کەش وهەوایە بکەن وهۆڵی دادگا بکەنە مەیدانی ململانی سیاسی و, زۆر جار وای لێ هاتبوو ئەوان دەبون بە دادوەر و ئەمریکا و رژێمی عێراق و دادگا وسەرۆکایەتی دادگاکە تاوانبار و،هەمیشە لە حاڵەتی هێرشدا بوون و سنووری داب ونەریتی دادگایان دەشکاند وبە درووشمە ژەنگاوییە کۆنەکانی جارانیان هەوڵیان ئەدا رای گشتی بۆ لای خۆیان راکێشن ، بە تایبەتی جادەی عێراقی و عەربی و ئیسلامی و، لەو بار ەیەوە تاکوو حەدێك سەرکەوتن و، سەدامێکی تاونبار ، لە ژێر سێبەری عەدالەتی دادگا و کەناڵەکانی راگەیاندنی جیهانی ، وەکوو ( فارس العروبه ) رەفتاری دەکرد و، لە جە لادێکی تاوانبار بۆ قوربانیەکی غەدر لێکراو ..!**

**هەرچی بێت هۆو هۆکاری ئەو بێ سەرو بەریەی پرۆسەی دادگایکردنی ( سەدام وسەدامیەکان ) ، لە زۆر رووەوە سەرکەوتوو نەبوو ، هەروەها ئاما نجی خۆشی وەکو پێویست نە پێکا ، هەر لە هەڵبژاردنی یەکەم تاوان ( الدجیل ) تاکوو بەرێوەبردنی دادگا و پاشان حوکمدان وشێوە وشێوازی جێبەجێکردنی ئەو حوکمە . سەدام و سەدامیەکان تاوانی زۆر گەورەتر وخەتەرناك تر لە تاوانی ( الدجیل ) یان ئە نجام دابوو، چ بە ژمارە و پانتایی و چ لە شێوە وشێوازی جێبەجێکرنی ئەو تاوانانە و دەرئە نجامەکانیانیش ..**

**دادگا یی کردنی ( صدام حسین ) و دارو دەستەکەی بەو شێوە و شێوازە کە ئامەژەمان بۆ کرد ئەگەر بریارێکی ( عیراقی ) بێت ، ئەوە حکومەتەکەی مالکی وەکووحکومەتێکی زۆرینە عەرەبی شیعە مەزهەب و ،مالیکی خۆی وەکوو نوێنەری حیزبی دەعوەی ئیسلامی شییعی ، نەدەبوایە مامەڵەیان لە گەڵ ئەم کێشەیە لە روانگەی حزبایەتیەکی تەسك و بۆچونێکی مەزهەبی تەسك تر بایە، هەروەها لایەنی کوردستانی بە تایبەتی ، نەدەبوایە وا بە هاسانی کێشەی ( الدجیل ) یان لە پێش ئەنفال و هەڵە بجەی شەهید قەبوول بکردایەت ، لە کاتێکدا دەسەڵاتی فەرمی کورد هەمیشە دووپاتی ئەوە دەکاتەوە ،لە ( العراق ) ی هیوا وئاشتی ، کورد شەریکە لە بڕیار وحکومڕانی ، یان هەر چ نەبوایە چاوەڕوانی ئەوەیان بکردایە تاکوو دادگایی کردنی ( صدام و دارو دەستە تاوانبارەکانی ) لە سەر ئەنفال و هەڵە بجە تەوا دەبوو، ( صدام ) یان ( حضوریا ) بەو تاوانانە حوکم ئەدا...**

**ئەگەر سەرانی دەسەڵاتی فەرمی العراق هەندێ بە دووربینی وبەرچاو فراوانی وئیستراتیجی سەیری دادگایی کردنی ( سەدامیان ) بکردایەت وەکو ( رجل دولة ) رەفتاریان بکردایەت ، بە تایبەتی لە عێراقی پاش رزگاری و قۆناخی داگیر کردنی لە لایەن زلهێزی ئەمریکاوە و ئەو شەڕە ناوخۆیە ( مەزهەبی و رەگەزیە ) وئەو هەموو دەستێوەردانە دەرەکیە، هەر وەکوو هەندێ لە چاودێران ولێکۆڵەری جیا جیا باسیان کردووە ، دەبوایە لە تاوانەکانی خودی سەدام وسەدامیەکانەوە, دەرحەق بە سەرکردایەتیەکی خودی حیزبی بەعس وهاوڕێانی خودی سەدام وکەس وکاری خۆی و( ئەنفال ) و( هەڵە بجە ) و ( الدجیل ) ورا پەرین و شەر و تراجیدیاکانی تری ئەم تاونبارانە دەستی پێ بکردایەت چونکە :**

سەدام وسەدامیەکان لە مێژووی العراق وناوچەکە  دیاریدەیەکی تازە نەبوو. لە بە کارهێنانی  زەبرو زۆر  و پاوانکردنی دەسەلات و سەروەت وسامان  و حوکمی  تاك و بنەماڵە ونوخبە، میراتێکە رەگو ریشە هەڵکوتاوی نێو کۆمەڵگای ئەو ولاتانەن وگۆش کراوی  کلتوورێکی  دارێژراوی زیاتر لە ئەوەندە سەدە یە  و, بەدرێژایی زیاتر لە یەك چارەکەسەدە ( صدام ) وسەدامیەکان نوێنەر و زبان حاڵ و  پراکتێزەکەری ئەو کلتورە بوون  و،تاکوو دەهات بە ئەمرۆیشەوە  بیر باوە ر و هەڵسوکەوت و شێوەو شێوازی حوکمرانی ودیاریدەی ( سەدامیزم  ) لە  پەرەسەندا بووە و،  زۆر کۆمەڵگا ی ئەمرۆشمان دیاردەی ( سەدامیزم )ی پێو دیارە و گیرۆدەی ئەو ڤایرۆسەن.

بۆیە دەبوایە دادگایی کردنی سەدام تەنها دادگایی کردنی دکتاتۆرێك و  کەسێکی نەخۆش و تاوانبار نەبووبایە , بەڵکوو دادگایی کردنی قۆناخێك و(منظومە ) یەکی  فیکری و سیاسی وئابووری وکۆمەلایەتی و رۆشنبیری   بێت بە هەموو بوار و دەرئە نجامەکانیانەوە ....

بەم پەلەکردنە و بەو شێوە کالفامیەیی حکومەتی ناوەندی بەغدا ،  ئەو دەرەفەتە گەورەیە لە دەستدا و بگرە لە جیبەجیکرنی حکومەش کێشەکەی ئالۆز تر کرد و ، تاکوو ئەورادەیە سەرۆك کۆماری ئەمریکا بەرێز ( جورج دەبلیو بوش ) یش  ناچار بێت ،  لە دیمانەیەکیدا لە گەڵ ( جیم لێرر) لە کەناڵی تەلفزیونی ( PBC )، کە رۆژی 17/1/ 2007 کەناڵە ئاسمانیەکانی بلاویان کردەوە ، ئاماژە بەوە بکات کە کارەکە  باش بە ریوە نەچوو و، حکومەتەکەی مالکی وصف کرد  بەوەی کە هێشتا پێنەگەیشتووە =  غیر  ناضجە ) ....

ئەگەر  لە سێدارە دانی ( صدام ) وا بە پەلە ، بریار وخواستێکی ئەمریکی بوو ،  واتە ئیدارەی بوش ، ئەوە هێشتا هەڵەکە گەورە تر وخەتەرناك ترە چونکە :

- هەرچی پێیٚ دەڵێن سەروەری العراق هێشتا  فری بە واقیعەوە نییە لە زۆر بواردا هەر وایە ، چونکە بە قسەی خودی مالکی ( تواناى جولانەوەی تەنها یەك ( سریە ) سەربازیشی نیە ) ......!
- هەرچی پێی دەڵێن هەوڵی ئاشتبوونەوەی گشتی ودامرکانی شەڕی ناوخۆ  و بن بڕکردنی توند تیژی وکەوتە گومانەوە ، هەروەکوو ( طارق  الهاشمي ) جێگر سەرۆك کۆماری العراق  رایگەیاند لە لەندەن ...
- هەرچی پێی  دەڵێن  شەفافیەت و مافی گەلان  ومرۆڤ وپرۆسەی دامەزراندنی دیموکراسی و گۆڕینی رۆژهەلاتی ناوەڕاست دوورە لە راستی کاتێك هیچ حیسابێکی وەها نەکرابێت بۆ هەست وخواستی گەلانی عێراق و لە پێش هەمووشیانە گەلی کورد و تراجیدیەکانی ...

بەندە وەکوو کوردێك ولە روانگەی کێشە چارەسەرنەکراوەکەی گەلەکەم و وبەرژەوندی بالای نەتەوەکەم ،بە هەموو مەترسیەکانی ئەم قۆناخە ، لە سێدارە دانی ( صدام ) وا بە پەلە و پێش تەواو بوونی دادگاییکردنی ( حضوريا ) لە سەر (ئەنفال وهەڵە بجە ) ی شەهید وگشت تاوانەکانی تری دەرحەق بە نەتەوەکەم  تاونێکە نەك تەنها  دەرحق  بە ئێمەی زیندووی ئەمرۆ و نەوەی ئایندەمانە, بەڵکوو دژ بە قوربانیەکانی غەدری مێژو و گشت تراجیدیەکانمان لە سەرووی هەموویشی کارەساتی (  ئەنفال  ) و (  هەڵە بجە  ) بوو  ....

کەسێکی بە ویژدان مووتەئەسیف نییە  لە حوکمی لە سێدارە دانی ( سەدام )، وەلیٚ ئەوەی کە سەرنج راکێشە, بیٚ دەنگی لایەنی فەرمی کوردستانە ورۆڵی وەکوو ( شەریك ) لە دەسەلات وبەرێوەبەردنی ئەم حکومەتە لە گشت ئاستەکان ، سەبارەت بە ئەولەویاتی دادگاکردنی تاونبارانی رژیمی پێشوو ، ئەو بە پەلە کردنە و ، ئەو بێئا گاییە لە شێوە وشێوازی جێبەجیکردنی حوکمەکە ، بە تاییەتی هێشتا دادگایی سەدام ودارو دەستەکەی لە سەر تاوانی ( الانفال ) بەردەوامە و زۆریشی نەمابوو ، هەروەها  هێشتا کێشەی ( کیمیبارانی هەڵە بجە ) دەستی پیٚ نەکردووە...

ئەوەی ئێمەی هاوولاتی ئاگادارین وهەمیشە دەسەلاتی  فەرمی کورد لە بەغدا ولە هەرێم  جەختی لە سەر دەکەن ئەوەیە, کە حکومەتەکانی ( العراق ) ی پاش قۆناخی(رزگاری ) حکومەتی ( خۆمانە ) و حکومەتێکی هاوبەشە وگشت بریارەکانی بە ( توافق ) ە و,بیٚ کورد نە دەسەلاتی ئەمریکا لە العراق ونە حکومەتە یەك لە دوای یەکەکان وبە تاییەتی حکومەتی ( المالکی ) بیٚ لایەنی کوردی دەستنوێژیشیش ناگرن ...!